# کردەی قسەیی لە گوتاری سیاسیدا

## گوتاری "عبدالرحمان قاسملوو"، بەنموونە

د.چیا عەلی مستەفا (مامۆستا لە زانکۆی ڕاپەڕین)
قادر وریا (خوێندکاری دوکتورا)

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە تیۆریی شیکردنەوەی گوتار بەستراوە؛ لە شیکاریی گوتارەکاندا، پەیڕەوی لە ڕێبازی شیکاریی پڕاگماتیکی کراوە؛ بەپێی تیۆریی کردەی قسەییەکان (Speech act) بۆ دەستنیشان کردنی جۆری کردەکان، نەخشە و خشتەی ئامارەکان بە بەرنامەی (Excel) دیاری کراوە و خراونەتەڕوو.

## پوخته

### ناونیشان و بواری توێژینەوەکە

ناونیشانی نامەکە بریتییە لە "کردەی قسەیی لە گوتاری سیاسی، گوتاری عەبدولڕەحمان قاسملوو بە نموونە" توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی جۆری کردەی قسەیی لە گوتاری سیاسیی ناوبراودا.

### کەرستەی لێکۆڵینەوە

کەرستەی لێکۆڵینەوەکە بریتیە لە گوتارێکی سیاسیی ناوبراو کە کۆتایی هاوینی (١٩٨٨) لە ئیسپانیا، لە سەر بانگهێشتی "ئەنستیتۆی هاوپێوەندی لەگەڵ گەلانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا" لە کۆنفرانسێکدا لە بارەی تەقەوەستان لە نێوان ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەو تەقەوەستانە لە سەر بزووتنەوەی گەلی کورد، پێشکێشی کردووە.

### هۆی هەڵبژاردنی ناونیشان و بایەخی توێژینەوەکە

بایەخی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا کورت دەکرێتەوە:

**١** لە ئاستی زماندا، توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دیاریکردن و دەستنیشان کردنی کردەی قسەییەکان لە گەیاندنی پەیام لە گوتاری سیاسیدا، هەروەها خستنەڕووی داتاکان بە شێوەی ئامار.

**٢** لە ڕووی سیاسیەوە، توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ڕوئیای نێرەر لەمەر ڕوداو و پێشهاتەکان. دواتر ئەنجامی توێژینەوەکە دەخرێنە ڕوو.

### پرسیاری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ وەرگرتنی وڵامی ئەو پرسیارانە:

**١** لە گوتاری دیپلۆماسیی کوردیدا، لە بۆنەی سیاسی، نێرەر بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی سیاسی بە وەرگران، زیاتر پەنا بۆ کام کردەی قسەیی دەبات؟

**٢** دارشتنی زمانی گوتاری دیپلۆماسیی کوردی، بە چ شێوازێک بووە؟

**٣** لە ڕووی سیاسییەوە بەهۆی ڕاپەڕاندنی کردەکان، کورد چ داوایەکی هەبووە؟

### ڕێباز و سنووری توێژینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی لە ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە، سنووری لێکۆڵینەوەکە ئاستەکانی سیمانتیک و پراگماتیک دەگرێتەوە.

### تیۆری توێژینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە تیۆریی شیکردنەوەی گوتار بەستراوە؛ لە شیکاریی گوتارەکاندا، پەیڕەوی لە ڕێبازی شیکاریی پراگماتیکی کراوە؛ بەپێی تیۆریی کردەی قسەییەکان (Speech act) بۆ دەستنیشان کردنی جۆری کردەکان، نەخشە و خشتەی ئامارەکان بە بەرنامەی (Excel) دیاری کراوە و خراونەتەڕوو.

### شێوازی کارکردن

**١** بەپێی خشتەیەک کە بە بەرنامەی (Excel) کاری لەسەرکراوە، خشتەکە لەچەند ستوونێک پێکدێت.

**٢** ستوونی ژمارەی گوتن: گوتاری ناوبراو بەسەر چەند گوتنێک بە ژمارە دابەش کراوە، گوتنەکان لەسەربنەمای یەکەی واتایی دیاری کراون.

**٣** ستوونی جۆری کردە: لەم ستوونەدا جۆری کردەی ڕاپەڕێنراو دیاریکراوە.

**٤** ستوونی چەند جارەی دووبارەبوونەوەی کردەکان: لەم ستوونەدا ژمارەی چەند جارەی دووبارەبوونەوە و بەکارهێنانی کردەکان دیاری کراوە.

### ناوەڕۆکی نامەکە

جیا لە پێشەکی و ئەنجام، ئەم نامەیە لە دوو

بەش پێکهاتوە:
بەشی یەکەم: لایەنی تیۆرییە، باسکردنە لە چەمکی گوتار لەگەڵ دیاریکردنی ڕەگەزەکانی گوتار، پاشان باسکردنی شیکاریی گوتار و گوتاری سیاسی. دواتر تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە پراگماتیک و تیۆری کردەی قسەیی.
بەشی دووەم: لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکەیە و دیاریکردنی جۆری کردە قسەییەکانە.

## بەشی یەکەم

## گوتار (Discourse)

لەلای زمانەوانان بۆچوونی جیاواز لە نێوان زمان و گوتاردا هەیە. لە لای ڕۆنانکارییەکان ڕستە گەورەترین دانەی زمانە لە ئاستی ڕۆناندا. بە بۆچوونی فێردیناند دی سوسێر (Ferdinand de Saussure) سیستەمی زمانی (Languge) و ئاخاوتن (parole) دوو بابەتی جیاوازی زمانین. (ابراهيم خليل ٢٠١٠: ٨٢)
لە سەرەتادا لەلای زمانەوانانی دێرین گرینگی بە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و ڕۆنانی ناوەوەی ڕستە دەدرا، ڕستەش گەورەترین دانەی زمان لە ئاستی ڕۆناندا بوو، واتاش بریتی بوو لە واتایەکی پیتیی وشە لە ڕۆنانی ڕستەدا. دواتر لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بەرەو سەرووی ئاستی ڕستە هەنگاویان نا، زمان وەک هۆکارێکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرا. لەم بارەدا یەکەی پەیوەندیکردن گوتارە، کە فۆرمێکی زمانییە و لە سەرووی ئاستی ڕستە دایە و یەکەیەکی واتایە. ڕستەش یەکەیەکە لە یەکەکانی گوتار. بەڕای "هاریس"، گوتار یەکەیەکی زمانیی درێژە کە لە بەدوایەکدا هاتنی ڕستەیی پێکدێت (منيه عبيدی، ٢٠١٦:١٧).
پەیامێکی ئاراستە کراوە، واتا لە دەوروبەر وەردەگرێت. گوتار، قاڵبێکە بۆ گەیاندنی پەیام لە نێوان قسەکەر و گوێگر، یان نووسەر و خوێنەر. (شێرکۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٩: ٣٢). لەم بارەدا گوتار زمانی بەکارهێنانە لە ڕستەیەک یان زیاتر لە ڕستەیەک پێکدێت، هەڵگری مەبەستە، ئامانجی دانانی کاریگەرییە لەسەر وەرگر. "گوتار یەکەیەکە پێویستی بە قسەکەر و گوێگرە، قسەکەر هەوڵدەدات کاریگەری بخاتە سەر وەرگر بە هەر ڕێگەیەکی دیاریکراو" (سعيد يقطن ،١٩٨٩: ١٧).

## ڕەگەزەکانی گوتار

نێرەر لە کردەی گەیاندندا مەبەستیەتی، لە بۆچوون و بیرکردنەوە و ئاراستەکانی وەرگر تێبگات. بۆ ئەوەی کردەی تێگەیشتن لە ئاستێکی بەرزدابێت. ڕۆبێرت باراک پێی وایە گەیاندن کردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، کە لە چوارچێوەیدا، تاک توانای درک پێ کردنی بۆچوون و ئاراستەکانی بەرانبەری هەیە، تا ئاستێکی دیاریکراو (مەحمود عوکاشە ، ٢٠٠٥: ٢١). پێویستە دوو کەناڵ (نێرەر و وەرگر) هەبێت. جگە لەم دوانەش هۆکاری دیکە کار دەکەنە سەر مەبەستی پەیامی ئاراستەکراو.

## نێرەر Sender

خاڵی دەستپێکردنی پەیوەندییە، کۆدی زمانی دەنێرێت کە هەڵگری واتان. نێرەر کەسایەتی و ئایدۆلۆجیا و مەبەست و بیروبۆچوونی خۆی باردەکات لە کۆدە زمانییەکان و دەگات بە وەرگر. لە کردەی پەیوەندیکردندا نێرەر، بەمەبەستی ڕازیکردن، هەوڵ دەدات کاریگەری بخاتە سەر عەقڵی وەرگر.

## پەیام text

چەقی گوتارە؛ دەسکەوتێکی زمانییە. نێرەر ئایدۆلۆجیا و مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هتدی خۆی لەرێگەی پەیامەوە دەگەیەنێت بە وەرگر. ئەرکی زمان لە کردەی پەیوەندیکردندا بریتییە لە گەیاندنی پەیام بە

وەرگر.

## وەرگر Receiver

گوتاری ئاراستە دەكرێت و شیكردنەوەی كۆدە زمانییەكان لای ئەوە بۆ ئەوەی بگات بە واتا. هەندێک جار بۆ لێكدانەوەی وشەكان پەیوەندیی نێوان "دال و مەدلول"، لە ئاستی سیمانتیكەوە دەڕوات بۆ ئاستی پراگماتیک. نێرەر ڕەچاوی لایەنی "پەیوەندی و پایەی كۆمەڵایەتی، ڕەگەز، جیاوازی ڕۆشنبیری، تەمەن و ... تاد"ی وەرگر دەكات. ئەركی گوتار بریتییە لە ڕازیكردنی وەرگر، لە هەندێک جۆری گوتاری وەک گوتاری سیاسیدا، بە شێوەیەكی گشتی وەرگر كۆیە، لێرەدا ئەركی كردەی ڕازیكردن قورس و ئاڵۆز دەبێت؛ بەتایبەت ئەگەر وەرگرەكان خاوەنی ئایدۆلۆژیای جیاواز بن.

## كەناڵ Channel

لەرۆژگاری ئەمرۆدا كەنالەكانی پەیوەندیكردن و گەیاندن زۆرن، بەڵام لەگەڵ یەكتر جیاوازن، بۆ نموونە پەیوەندیكردن لە ڕێگای شانۆی " پانتۆمیم " جیاوازە لە پەیوەندیكردنی ڕاستەوخۆ. ئەركی "كەناڵ" لەكردەی پەیوەندیكردندا، تەنیا گواستنەوەی پەیامی نێرەرە بۆ وەرگر؛ واتە ناوەندێكە بۆ گواستنەوەی پەیام. لەم ڕوویەوە "تەلەفیزیۆن و ماڵپەرە كۆمەڵایەتییەكان" دوو ناوەندی چالاكی گواستنەوەی پەیامن.

## كۆد Code

لە زانستی زماندا كۆد بریتییە لە "ژمارەیەک كەرستە كە دەتوانرێت لێكبدرێن بۆ بەرهەمهێنانی كەرستەی نوێ و ئاڵۆزتر، لەپاڵ یەكتر ڕیز دەكرێن بۆ ئەوەی فرێز و ڕستە و دانەی تریان لێ بێتە بەرهەم". ( محمد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٦٣) كۆد هەڵگری بیرو مەبەست و ئایدۆلۆژیای "نێرەر-وەرگر"ە.

هەر دوو ڕەگەزەكە بۆچوونی خۆیان لە كۆدە زمانییەكان بار دەكەن، بۆ ئەوەی بە یەكتری بگەیەنن. بۆیە پێویستە كۆدە زمانییەكان واتادار بن و ڕاستەوخۆ گوزارشت لە بیرەكە بكەن. پێویستە بیرەكانیش یەک بەدوای یەكدا بێن و تەواوكەری یەكتر بن، بۆ ئەوەی وێنەیەكی ڕوون لەلای "نێرەر-وەرگر" دروست بێت. لەكردەی پەیوەندیكردندا كۆد هەڵگری بیرو بۆچوونی هەر دوو ڕەگەزەكەیە (نێرەر-وەرگر).

## دەوروبەر Context

شیكردنەوەی گوتار پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە دەوروبەرەوە هەیە، نێرەر لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی دەوروبەر گوتار دادەڕێژێت. نێرەر بۆ ڕازیكردنی بەرانبەر هەوڵدەدات دەوروبەرێک دروست بكات، كە بگونجێ لەگەڵ مەبەستەكەی و وا لە وەرگر بكات كە پێی ڕازی بێت یان بگونجێ لەگەڵی، "لە هەندێک باردا كردەی هەڵخەڵەتاندنیش دێتە ئاراوە". لەڕوی زمانییەوە دەوروبەر هەموو ئەو كردە زمانی و نازمانییە دەگرێتەوە كە لە پرۆسەی پەیوەندیكردندا ڕۆڵیان دەبێت. شیكردنەوەی دەقی گوتار، پەیوەندیی بە واتای دەوروبەرەوە هەیە.

## دەق و گوتار Discourse & text

دوو چەمكی واتایین، بۆچوونی جیاوازیان لەسەرە، هەندێک ڕایان وایە كە "دەق و گوتار" جیاوازن. دەق درێژەی تۆماری زمانییە، بە مەبەستی شیكردنەوە یان وەسفكردنی دیاردەیەک، كەسێک یان شتێک (كریستاڵ:٢٠٠٣: ٤٦١). پەیامێكە بەهۆی نووسینەوە بەرجەستە دەبێت و ئاراستەی وەرگرێكی نادیار دەكرێت. بریتییە لە بەڵگەی نووسراوە كە لە كاتی شیكردنەوە بە تەنها وەردەگیرێت. یەكەیەكی سیمانتیكیی گەورەیە لە یەكەی بچووک

پێکدێت، شیکارییەکی سیمانتیکی بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی دەکرێت. هەرچی گوتارە، بە کەناڵی درکاندن ڕاستەوخۆ بەوەرگر دەگات، تایبەتە بە ئاخاوتن، گۆکردنێکی زمانییە، پەیوەندیی زارەکی دروست دەکات، واتا لە سیاقی ئاخاوتن وەردەگرێت. بریتییە لە بەدوایەکداهاتنێکی ڕستەیی، کە پەیوەندییەکی گرنگ کۆیان بکاتەوە. بێگومان ئەو پەیوەندییەش پەیوەندییە تێکستییەکانە، کە لە سەرووی یاساکانی ڕێزمانەوەن، چونکە ڕێزمان لە ڕستەدا دەوەستێ. (دیار عەلی کەمال: ٢٠٠٩: ٦) هەندێک لە زانایانی زمان لە ڕووی ئەرک و گەیاندنی پەیام، جیاوازی لە نێوان ئەم دوو چەمکە ناکەن واتە کاری هەر دووکیان گەیاندنی پەیامە، لە نێرەرەوە بۆ وەرگر. کەواتە (دەق و گوتار لەم تێگەیشتنەوە، هەمان ئاماژەکردنە بە هاریکاریکردن، بۆ کردەی گەیاندن لە نێوان مرۆڤەکاندا). (حوسێن خەمەری: ٢٠٠٧: ٣٥). بەڕای ئەم توێژینەوەیە دەق و گوتار دوو چەمکی واتاییی هاوئەرکن لە کردەی گەیاندندا.

## شیکاری (شیکردنەوە)ی گوتار
## Discords Analyze

تێڕوانین و قوتابخانە و بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بەگشتی شیکاریی گوتار بریتییە لە هەڵوەشاندنەوە و بەستنی بەدەوروبەر، دووبارە بەستانەوەی بە یەکتری. بە ڕای هاریس، شیکاریی گوتار بریتییە لە هەڵوەشاندنەوە و بنیاتنانەوەی سەرووی ئاستی ڕستە. (باتریک شارودو دومنیک مونغو،١٩٩٨: ٤٤) شیکاریی گوتار بەواتای شیکاریی زمان لە بەکارهێناندا. لەم بارەدا شیکەرەوەی گوتار تەنها پەیوەست نابێت بە زمان بەڵکوو سیاقی گوتاریش ڕۆڵی دەبێت لە شیکردنەوەی گوتاردا. پەیوەندییان لەنێواندا هەیە بۆیە شیکاری بە واتەی هەڵوەشاندنەوە و دووبارە بنیاتنانەوە، یان پارچە پارچەکردنی گشت بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی و دواتر دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوانیان و لێکدانەوە و بەستنەوەیان بە یەکتری. هەر کەرستەیەک یارمەتیی وەرگر بدات بۆ گەیشتن بە مەبەستی نێرەر، بە کەرستەی شیکاریی گوتار دادەنرێت. لەنێو گوتار یان لە دەرەوەی گوتاردا بێت، کلیلی شیکاریی گوتارن لە کەرستە زمانی و نازمانییەکان پێکدێت، کەرستە زمانییەکان لەنێو گوتاردان. فۆرمی لێڵن؛ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شوێن و کات و هاوبەشەکانی گوتار دیاری دەکەن. گوتن بە دەوروبەر دەبەستنەوە، سنووری کارکردنیان لە نێوان سیمانتیک و پراگماتیک دایە (قەیس کاکل,٢٠٠٢: ٤٥). کەرستە نازمانییەکان لە دەرەوەی گوتاران، یاریدەری شیکەرەوەی گوتارن.

## گوتاری سیاسی

جۆرێکی گوتارە و گوتاری دەسەڵاتە. گوتارێکە بە مەبەستێکی دیاریکراو ئاراستەی وەرگرێکی دیاریکراو دەکرێت، بە مەبەستی ڕازیکردنی بە ناوەڕۆکی گوتار، بە ئایدۆلۆژیا و بابەتی سیاسی. نێرەر لە کردەی پەیوەندیی سیاسیدا ڕەچاوی ڕەگەزەکانی ”کات و شوێن و هەڵوێستی سیاسیی بەشداربوانی گوتار، بابەتی قسەلەسەرکراو، ناوەڕۆک و ڕێکخستن و بەدوای یەکداهاتنی بابەتەکان“ دەکا. ئەم ڕەگەزانە لە هەمان کاتدا یاریدەری وەرگریش لەکاتی شیکردنەوەی گوتاردا و بنەمای پەیوەندیکردنی سیاسین. لاسوێل (Lass well) کردەی پەیوەندیی سیاسی بەم شێوەیە دەناسێنێت:

“Who says’ what’ in which Chanel’ To Home’ Whit what Effect”

(محمود عکاشە،٢٠٠٥: ٢٠) واتە ”کێ قسەدەکات؟ چی دەڵێت؟ لەکام کەناڵ؟ بۆ کێ قسەدەکات؟ کاریگەریی چیە؟“. نێرەر بەهۆی گوتاری سیاسییەوە گوزارشت لە ئایدۆلۆجیا و بیر و

بۆچوونی دەکات و تێروانینی لەسەر بابەت و ڕووداوە سیاسییەکان دەخاتە ڕوو. لە هەمان کاتدا پەیامێکی زمانییە یان هێماییە، ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە کە کاریگەری خستنە سەر گوێگری گوتار بەپێی دەوروبەری دیاریکراو و مەبەستی نێرەرە.

## پراگماتیک

لە زمانەوانیی نوێدا بەکارهێنانی زاراوەی پراگماتیک، سەرەتا لە لای "چارلس مۆریس"ەوە بەکارهات. کاتێک بە شێوەیەکی گشتی، لە زانستی هێماکاریدا سێ جۆر پەیوەندیی لە نێوان هێماکاندا دیاری کرد، هەر جۆرەشی بە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ناوبرد، بەم شێوەیە:

١ ڕستەسازی Syntax

بریتییە لە پەیوەندیی نێوان هێمایەک لەگەڵ هێماکانی دیکە، لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا.

٢ سیمانتیکس Semantics

لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراو (شت).

٣ پراگماتیک Pragmatics

پێوەندیی هێما بە بەکارهێنەر و لێکدەرەوەکەی دەگرێتەوە.

ئەم ناساندنەی پراگماتیک لەلایەن مۆریسەوە، ناساندنێکی سادە و سەرەتایی زانستەکە بوو. لەدوای ئەوەوە و بەپێی ئەرکی، پراگماتیک پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. بۆ نموونە ناساندنێکی دیکەی پراگماتیک ئەوەیە، کە بریتییە لەو زانستەی، کە لێکۆڵینەوە لە واتای ناو دەوروبەر دەکات، واتە لێکدانەوەی ئەو مەبەستەیە کە هاوبەشانی قسەکەران بەهۆی دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە لێی تێدەگەن. پراگماتیک لەوەش زیاتر ورد کراوەتەوە، وا پێناسەکراوە، کە "ئەو زانستەیە، کە لە کردەی قسەیی و گریمانەی پێشینە و دەرکەوتە ئاخاوتنەکان و دەوروبەر، کات و شوێن و دەوروبەری قسەکردن و پلەی کۆمەڵایەتیی قسەکەر و گوێگر و زانیاریی هاوبەش و زانیاریی دنیاییان، لێکدەداتەوە" (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٩١). ئەم پێناسەیە بە وردی بوارەکانی پراگماتیک دیاری دەکات.

## تیۆریی کردە قسەییەکان

بۆچوونی دێرینەکان لەبارەی قسەکردنەوە، بەجۆرێک بوو کە قسەکردنیان وەک کار ئەنجامدان نەدەبینی، (بەڵکو قسەکردن و کار ئەنجامدان وەک دوو دیاردەی لێک جیاواز دادەنران. تەنانەت ئەم دو دیاردەیە بە دو شتی دژ بەیەک لەقەڵەم دەدران، وەک لە ڕستەی "بە قسەم بکە، بە کردەوەم مەکە"دا مەبەستەکە ڕوون دەبێتەوە). (قەیس کاکل: ١٩٩٥: ٣٨) دێرینەکان هەر بەوەشەوە نەوەستاون، بەڵکو پێیان وابوو ئەرکی زمان بریتییە لە وەسفکردنی "بارودۆخێک، کەسێک، ڕووداوێک و ..."، کە ئەمە لە ئێستادا (بە هەڵەی وەسفی واتایی "Fallacy Se-mantic" ناودەبرێت. باوەڕێک نییە کە تەواو هەڵە بێت، چونکە هەموو گوتنێک وەسفی بارودۆخی تێدایە، بەڵام ئەم وەسفە لە خۆیدا هەموو شتێک نییە).(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٢٠٧)

لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستی پراگماتیک و تیۆریی کردە قسەییەکان، ئەم بۆچوونەی دێرینەکان ئاوەژوو کرایەوە. لە شەستەکانی سەدەی بیستدا فەیلەسوفی بەریتانی "ج. ل. ئۆستن-Austin L J" قسەکردنی بە ئەنجامدانی کارێک دانا. ئەگەرچی لەسەرەتاوە ئۆستن دەیویست تیۆرەکەی لەسەر هەندێک جۆری ڕستە تاقی بکاتەوە کە لە گەڵیدا کار ئەنجامدانیشی تێدایە، بۆ نموونە:

- ئەوا من ڕۆیشتم.

لەم ڕستەیەدا لەگەڵ درکاندنیدا کاری "ڕۆیشتن"یش ئەنجامدەدرێت. بەڵام دواتر بۆ تەواوی قسەکردن هەمان تیۆری جێبەجێکرا. لە ژێر کاریگەریی تیۆریی کردە قسەییەکان،

واتای ڕستە بریتی نابێت لە واتای وشەیی و سیمانتیکی، بەڵکو کردەیەکە لە ڕێگەیەوە کارێک ئەنجام دەدرێت، یان مەبەستێک دیاری دەکرێت، کە لە هەموو بارەکاندا پەیوەستە بە (دەوروبەر - Context)ەوە. (واتای سینتاکسیی ڕستە گرنگی نادات بە مەبەستی قسەکەر، بەڵکو مەبەستی قسەکەر لە دەوروبەر(سیاق)دا دەردەکەوێت). (جرهارد هلپش: ٢٠٠٧: ٢٠٧) بۆ نموونە:

ـ بایەکی بەهێزی دێت.

واتای سینتاکسیی ڕستەکە، بریتییە لە ڕستەیەکی هەواڵگەیاندن، بەڵام کاتێک ڕستەکە بە دەوروبەر دەبەسترێتەوە، لەوانەیە مەبەستی قسەکەر (ئاگادارکردنەوە، هەڕەشەکردن، دڵنیاکردنەوە و تاد) بێت. پوختەی تیۆرەکە (لەکاتێکدا لێکدانەوە بۆ هەر گوتنێک بکرێت پێویستە لە دوو ڕووەوە لێکدانەوەی واتاییی بۆ بکرێت. ڕوویەکی ئاشکرا و ڕوونی گوتنەکە، کە خۆی لە واتای سینتاکسی و سیمانتیکیی ڕستەکەدا دەبینێتەوە و ڕووی دووەم بریتییە لە واتای شاراوەی مەبەستی قسەکەر، کە پەیوەستە بە دەوروبەرەوە. کردەی قسەیی بریتییە لە گەیاندنی پەیام بە گوێگر، جا لەبەر ئەوە هێزی گوتن بۆ گەیاندنی پەیامی سەرکەوتوو پێویستە. ئەم هێزەش بە زمان دەردەبڕدرێت و پێویستی بە ئامرازەکانی کردەی قسەیی هەیە. هێزی گوتن، بە دوو ڕێگا دەگەیەنرێت بە گوێگر:

**١** هێزی ئاوازە و بۆتەی ڕێزمانی:

شەڕەکە ڕابگرن

⬇

ئاوازەی ڕستە

ئەم ڕستەیە بەهۆی ئاوازەوە، کاریگەریی ئەنجامدانی کارەکە دیاریدەکات.

پێم باشە شەڕەکە ڕابگرن.

⬇

بۆتەی ڕێزمانی

هێزی ئەم گوتنەش لە بۆتە ڕێزمانییەکەیدا دەردەکەوێت.

لە هەر دوو باری سەرەوەدا، لێڵییەک لە گوتنەکەدا دەردەکەوێت، بە جۆرێک کە مەرج نییە مەبەستی قسەکەر لە ئەنجامدانی کارەکە، هەمان مەبەست بێت لەلای گوێگر، واتە ئەم کارە مەرج نییە جێبەجێ بکرێت.

**٢** هێزی کاری ڕاپەڕاندن

من فەرمانتان پێ دەدەم کە شەڕەکە ڕابگرن.


هێزی گوتنەکە، لە کاری ڕاپەڕاندنەکە (فەرمانتان پێ دەدەم)دایە، کە هیچ لێڵییەک لە ئەنجامدانی کاری ڕستەکادا ناهێڵێتەوە.

ئوستن بۆ پەیامی سەرکەوتوو، کاری ڕاپەڕاندن، بە پێویست دەزانێ، چونکە هیچ جۆرە لێڵییەک لە گوتنەکەدا ناهێڵێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، کارەکان بۆ دوو جۆری (ڕاپەڕاندن و ناڕاپەڕاندن) دابەش دەکات، کاری ڕاپەڕاندنیش دەکات بە دوو جۆر (ئاشکرا و شاراوە)، وەک لە هێڵکاریی ژمارە (١) ڕوونکراوەتەوە.

## جۆرەکانی کردە قسەییەکان The Types of The Speech Acts

یەکێک لە گرفتەکانی تیۆریی کردە قسەییەکان، بریتییە لە جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی جۆری کردەکان. هەر کردەیەکی قسەیی بە مەبەستێک بەکاردێت. کردەکان پەیوەست نین بە توانستی ڕستەیی، بەڵکو پەیوەستن بە توانای گەیاندنەوە. ئەمە وای کردووە، کە پۆلێنی جیاواز بۆ کردەکان بکرێت. دوو جۆر پۆلێنی باو هەیە، کە بە پۆلێنی "ئوستن و سیریل" ناسراون. بە کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ دادەنرێن، چونکە ڕاستەوخۆ کاری

**هێڵکاریی ژمارە (١)**




ڕاپەڕاندنی ئاشکرایان تێدایە.

## پۆلێنی ئوستن

یەکەم سەرهەڵدانی تیۆریی کردە قسەییەکان، بۆ وانە(محازەرە)کانی ئوستن دەگەڕێتەوە، ئوستن ڕوونی کردووەتەوە (چۆن کردەکان لە ڕێگای گوتنەکانەوە ئەنجامدەدرێن) (جرهارد هلّپش: ٢٠٠٧: ٢٧١). ئوستن کردەکانی قسەکردنی لەسەر بنەمای ڕۆڵە بەدەستهاتووەکان بە سەر پێنج جۆردا دابەش کرد.

**١** کردەی بڕیارەکان Verdictives

ئەو جۆرە کردانە دەگرێتەوە کە گوزارشت لەو بڕیارانە دەکەن، کە لەلایەن (سوێندخۆر، دادوەر، ناوبژیوان و تاد)ەو دەدرێن. بەڵام مەرج نییە بڕیاری کۆتایی بن، بەڵکو ڕێژەیی و گریمانەییە، وەکو کردەکانی (هەڵسەنگاندن، نرخاندن، بیرکردنەوە و تاد).

**٢** کردەی بڕیارداران Executives

ئەو کردانەن کە گوزارشت لە بڕیاردان لە بەرژەوەندیی کەسێک یان شتێک دەکەن، یان بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە کردەکانی وەک (دەنگدان، قەدەغەکردن، داواکردن و تاد)

**٣** کردەی پەیماندان Commisives

ئەو کردانەن کە قسەکەر پەیوەست بە ئەنجامدانی کارێک دەکات، وەک کردەکانی (پەیماندان، دانپیانان، ڕێککەوتن و تاد)

**٤** کردەی ڕەوشت Behabitive

هەموو ئەو کردانە دەگرێتەوە کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەنجام دەدرێن، وەکو (سەردانکردن، سوپاسکردن، سەرەخۆشیکردن و تاد)

**٥** کردەکانی ڕوونکردنەوە Expositives

هەموو ئەو کردانە دەگرێتەوە کە بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونێک، یان دەرخستنی بۆچوونێک بەکاردێن؛ بۆ نموونە کردەکانی (سووربوون، بیرهێنانەوە، ئاگادارکردنەوە و تاد) (بڕوانە جرهارد هلّپش: ٢٠٠٧: ٢٧٨)

## پۆلێنی سیریل

سیریل بۆچوونەکانی ئوستنی فراوان کرد، کە لە کتێبەکەی بەناوی (The Speech Acts)دا خستییە ڕوو. بە هەمان شێوە کردەکانی بۆ پێنج جۆر دابەش کردوە، بەم شێوەیە:

**١** کردەی نواندن Representative

قسەکەر لەم جۆرە کردەیەدا، بارێک دەنوێنێت و وای پێشان دەدات، کە کەشێکی ئارام

یان نائارام لە ئارادایە. جا ئەم نواندنە ڕاست بێت یان ناڕاست. وەکو کردەکانی (پێشبینی کردن، خستنەڕوو، ڕوودان و تاد).

**٢** کردەی ئاراستەکردن Directives

ئەم کردانە وا لە گوێگر دەکەن، کە کارێک ئەنجام بدات، وەکو کردەکانی (فەرمانپێکردن، ئامۆژگاریکردن، ڕێنمایی پێدان و تاد).

**٣** کردەی پەیوەستبوون Commissives

لەم کردانەدا قسەکەر خۆی پەیوەست دەکات بە ئەنجامدانی کارێک لە داهاتوودا، بۆ نموونە کردەکانی وەکوو (بەڵێندان، هەڕەشەکردن، سوێندخواردن و تاد).

**٤** کردەی هەستدەربڕین Expressives

قسەکەر هەستی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بە (ڕووداوێک، کەسێک یان شتێک) بۆ گوێگر، وەکو کردەکانی (پیرۆزبایی، سەرەخۆشیکردن، سوپاسکردن و تاد)

**٥** کردەی ڕاگەیاندن Declaration

ئەم جۆرە کردانە بەوە جیا دەکرێنەوە لەوانی دی، کە وابەستەی دەوروبەرن، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم کردانە، پێویستە هۆکارەکانی وەک مزگەوت، ڕێکخراو، پارتی سیاسی و تاد هەبێت. وەکوو کردەکانی (بانگەشەکردن، خۆپیشاندان، جاڕدان و تاد). (هەمان سەرچاوە: ٢٨٠)

## کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان

لەو جۆرە ڕستانەدا بەرچاو دەکەوێت کە کاری ڕاپەڕاندنیان تێدا نییە، بەڵکوو هێزی ڕەوانبێژیی گوتنەکە، یان بۆتەی ڕێزمانیی ڕستەکە و بەستنەوەی بە واتای دەوروبەرەوە، جۆری کردەکە دیاری دەکات.

زۆر جار قسەکەر بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی پەنا دەباتە بەر کردەی قسەییی ڕاستەوخۆ. لە کردەی قسەیی ڕاستەوخۆدا قسەکەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی پەنا دەباتە بەر هۆکاری تری وەک (ڕێزمانی، ناڕێزمانی)، بۆ دەربڕینی هێزی ڕەوانبێژیی گوتنەکە. قسەکەر بەهۆی ڕستەکەوە مەبەستێک دەردەبڕێت، کە واتای ڕێزمانیی ڕستەکە نییە.

لەم جۆرە ڕستانەدا واتای ڕێزمانیی ڕستەکە مەبەست نییە، بەڵکو قسەکەر مەبەستی گەیاندنی پەیامێکی دیکەیە، کە لە واتای ڕێزمانیی ڕستەکەدا نییە، بۆ نموونە:

ـ وەرزش بەسوودە بۆ لەش.

ئەگەر واتای ڕێزمانیی ڕستەکە لێکبدرێتەوە، خۆی لە ڕستەیەکی "هەواڵگەیاندن یان پرسیاری"دا دەبینێتەوە، بەڵام بە بەستنەوەی واتای ڕستەکە بە دەوروبەرەوە، بۆ نموونە لە میوانداریییەکدا، واتای ڕستەکە بریتی دەبێت لە:

ـ حەزم لە وەرزشە.

کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ لە توانایدایە تێمان بگەیەنێ، کە چۆن ئەو ڕستانەی هێزێکی ڕەوانبێژییان تێدایە، وەک بەشێک لە واتاکانیان، دەتوانرێت بۆ جێبەجێکردنی کردەیەک بەکار بێن، وەکو ڕستەی ڕاگەیاندن، بۆ کردەی (ئاگادارکردنەوە، پێشنیار، فەرماندان و تاد).

## بەشی دووەم
## سەرەتا

لایەنی کارەکیی توێژینەوەکە، و دیاریکرنی جۆری کردە قسەییەکانە لە گوتاری سیاسیی کوردی

- نێرەر: عبدالرحمان قاسملوو
- کات: ساڵی ١٩٨٨
- شوێن: وڵاتی ئیسپانیا
- بۆنە: هاوپەیمانیی گەلان

وەرگر: ئەندامانی کۆنگرە (زیاتر لە نەتەوە و ئایدیالۆجیایەک)

لە خشتەی ژمارە (١) جۆری کردەقسەیی و چەند جارەی کردە قسەییەکان دیاریکراوە. لە چارتی ژمارە (١) ڕێژەی سەدیی بەکارهێنانی کردەکان خراوەتەڕوو. لەچارتی ژمارە (٢) چەند جارەی بەکارهێنانی کردەکان دیاریکراوە.


**خشتەی ژمارە (١): نیشاندانی کردەکان**

| ژمارەی گوتە | جۆری کردەی قسەیی | ژمارەی چەند جارەی بەکارهێنانی کردە |
|---|---|---|
| ١ | پێڕاگەیاندن | ٥ |
| ٢ | خەملاندن | ١ |
| ٣ | ئاگادارکردنەوە | ٤ |
| ٤ | پێڕاگەیاندن | |
| ٥ | ئاگادارکردنەوە | |
| ٦ | پێڕاگەیاندن | |
| ٧ | ئاگادارکردنەوە | |
| ٨ | دڵنیابوون | ٣ |
| ٩ | ڕوونکردنەوە | |
| ١٠ | دڵنیابوون | |
| ١١ | ڕوونکردنەوە | ١٧ |
| ١٢ | نیشاندان | ١ |
| ١٣ | ڕوونکردنەوە | |
| ١٤ | ڕوونکردنەوە | |
| ١٥ | دڵنیابوون | |
| ١٦ | پێڕاگەیاندن | |
| ١٧ | پێشبینیکردن | ٤ |
| ١٨ | ڕوونکردنەوە | |
| ١٩ | پێشبینیکردن | |
| ٢٠ | بیرهێنانەوە | ٢ |
| ٢١ | ڕوونکردنەوە | |
| ٢٢ | ڕوونکردنەوە | |
| ٢٣ | ڕوونکردنەوە | |
| ٢٤ | ڕوونکردنەوە | |
| ٢٥ | پێشبینیکردن | |
| ٢٦ | پێشنیارکردن | ١ |
| ٢٧ | ئامۆژگاریکردن | ٥ |
| ٢٨ | پێڕاگەیاندن | |
| ٢٩ | ڕێنمایی کردن | ١ |
| ٣٠ | ئامۆژگاریکردن | |
| ٣١ | ڕوونکردنەوە | |
| ٣٢ | ڕوونکردنەوە | |
| ٣٣ | ئاگادارکردنەوە | |


**خشتەی ژمارە (١): نیشاندانی کردەکان**

| ژمارەی گوتە | جۆری کردەی قسەیی | ژمارەی چەند جارەی بەکارهێنانی کردە |
|---|---|---|
| ٣٤ | دڵنیایی پێدان | ١ |
| ٣٥ | ڕوونکردنەوە | |
| ٣٦ | ئامۆژگاریکردن | |
| ٣٧ | گلەیی کردن | ٢ |
| ٣٨ | ڕوونکردنەوە | |
| ٣٩ | ڕوونکردنەوە | |
| ٤٠ | پێشبینیکردن | |
| ٤١ | ئامۆژگاریکردن | |
| ٤٢ | توانجلێدان | ١ |
| ٤٣ | پاساوهێنانەوە | ١ |
| ٤٤ | ڕوونکردنەوە | |
| ٤٥ | خۆناساندن | |
| ٤٦ | داواکاری | |
| ٤٧ | ڕوونکردنەوە | |
| ٤٨ | پێدانی زانیاری | |
| ٤٩ | گرینگی پێنەدان | |
| ٥٠ | نیگەرانبوون | |
| ٥١ | جەختکردنەوە | |
| ٥٢ | ڕوونکردنەوە | |
| ٥٣ | گلەیی کردن | |
| ٥٤ | ئامۆژگاریکردن | |
| ٥٥ | خۆناساندن | ٥ |
| ٥٦ | داواکاری | |
| ٥٧ | ئامۆژگاریکردن | |
| ٥٨ | خۆناساندن | |
| ٥٩ | بەڵێندان | ٢ |
| ٦٠ | خۆناساندن | |
| ٦١ | ڕوونکردنەوە | |
| ٦٢ | بیرهێنانەوە | |
| ٦٣ | بەڵێندان | |
| ٦٤ | داواکاری | |
| ٦٥ | ڕوونکردنەوە | |
| ٦٦ | هیواخواستن | ١ |

## چارتی ژمارە (٢): بەکارهێنانی کردەکان بە ڕێژەی سەدی




## چارتی ژمارە (٣): نیشاندانی چەند جارەی دووبارە بونەوەی کردەکان



## خستنه روو

بەپێی داتاکان و ئەنجامی بەدەستهاتوو:

**١** ڕێـــژەی بەکارهێنانی کردەی ڕوونکردنەوە لەئاســـتی یەکەمدایە، بـــە بەکارهێنانی (١٧) کردە بەڕێژەی (٣٠%).

**٢** هەریـــەک لـــە کردەکانی "خۆناســـاندن، ئامۆژگاریکـــردن، پێراگەیانـــدن" لەئاســـتی دووەمدان، بەڕێژەی (٩%).

**٣** هەریەک لە کردەکانـــی "ئاگادارکردنەوە، پێشـــبینیکردن" لـــە بەکارهێنانـــدا لە پلەی ســـێیەم دێن بـــە بەکارهێنانـــی (٤) کردە، بەڕێژەی (٧%).

**٤** کردەی دڵنیابوون بە بەکارهێنانی (٣) جار لە پلەی چوارەم دێت، بە ڕێژەی (٥%)

**٥** هەریـــەک لـــە کردەکانـــی "بەڵێنـــدان، گلەییکردن، بیرهێنانەوە" بە بەکارهێنانی (٢) جار لە پلەی پێنجەم دێن، بەڕێژەی (٤%).

**٦** هەریـــەک لە کردەکانی (هیوا خواســـتن، پاســـاو هێنانەوە، توانجلێدان، دڵنیایی پێدان، ڕێنمایی کردن، پێشـــنیارکردن، نیشـــاندان، خەملانـــدن) لـــە پلـــەی شەشـــەم دێن بە بەکارهێنانی (١) جار، بە ڕێژەی (٢%).

## ئەنجام

**١** بە ڕاوەســـتانی شـــەڕی عێـــراق و ئێران، بزووتنەوەی کورد بەرەورووی مەترسیی هێرش و پەلاماری سوپایی گەورەتر و هەمەلایەنەی دەوڵەتانی ئەو دوو وڵاتە دەبێتەوە. د.قاسملوو وتاری خۆی بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕۆژاواییەکان لەو مەترسییە و ڕاکێشانی پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خەباتەکەیان و نەتەوەکەی بەکار دێنێ.

**٢** لە گوتاری سیاسی(دیپلۆماسی)ی کوردی، نێرەر زیاتر پەنا بۆ کردەی ڕوونکردنەوە دەبات بۆ گەیاندنی پەیامی سیاســـی، بە مەبەســـتی نیشاندانی واقیعی شۆڕش و خەباتی نەتەوەی کورد.

**٣** زمانی گوتاری سیاســـی (دیپلۆماسی) لە گوتاری کوردیدا زیاتـــر گرینگی بە ناوەڕۆک دەدات.

لە ئاستی سیاسیدا دەگەین بەو ئەنجامانە:

**٤** بە تەقەوەســـتانی نێوان ئێـــران و عێراق، ئاشـــتی لە ناوچەکەدا سەقامگیر نابێ، چونکە پرســـی کـــورد هەر بـــە چارەســـەرنەکراوی ماوەتەوە.

**٥** ســـنووری دوور و درێژی ئەو دوو وڵاتەش بە کوردستاندا ڕادەبڕێ، کورد دەتوانێ ئارامیی ئەو ناوچەیە بشێوێنێ ئەگەر مافەکانی نەدرێن.

**٦** دەبێ پرســـی کوردیـــش ببێت بە خاڵێک لە خاڵەکانی ئاشتیی ناوچەکە، ئەگەر کۆمەڵی نێودەوڵەتـــی دەیهـــەوێ ئاشـــتی بگەڕێتەوە ناوچەکە.

**٧** ئەم ســـەردەمە(١٩٨٨) وەک (١٩٧٥) نیە کە بە ڕێککەوتنی ئێران و عێراق، بزووتنەوەی کورد ئاشـــبەتاڵ بکا. چونکە ســـەرکردایەتیی ئێســـتای بزووتنەوەکـــە خێڵەکـــی نییـــە و شۆڕشگێڕە.

**٨** بزووتنەوەی کورد و کوردەکان بە گشتی، لە هەلومەرجێکی ئـــاوادا (کە ئێران و عێراق دەیانەوێ ڕێک بکەون)، دەبێ یەکگرتوو بن، دەبێ لە ســـەر خەباتەکەی خۆیان بەردەوام بن، دەبێ پرســـی کورد بکەن بە فاکتەرێکی ســـەربەخۆ تا دنیا بزانێ کە بزووتنەوەی کورد بەشێک نییە لە شەڕی ئێران و عێراق، بەڵکوو خەباتی ڕەوای نەتەوەیەکی بندەستە.

**٩** کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی، نابـــێ تەنیا ئەو کاتـــەی کـــورد بـــە کیمیایی لێـــی دەدرێ، ئـــاوری لـــێ بداتـــەوە؛ بەڵکوو دەبـــێ وەک پرســـی نەتەوەیەکـــی ٢٠-٢٥ میلیۆنـــی کە ئۆتۆنۆمـــی مافی ڕەوای خۆیەتـــی، بەرگریی لێ بکا.

**١٠** پێشـــبینیی ئـــەوەی کردووە کـــە ڕێژیمی ئێران، بە هۆکاری مەزنیخوازی و شیعەگەری، بـــە ئاشـــتی لە گـــەڵ عێـــراق پابەنـــد نابێ و تەداخولـــی کاروبـــاری وڵاتانـــی ناوچـــە دەکا و لـــە ســـەر ئەو سیاســـەتەی بەردەوام دەبێ.

## سەرچاوەکان


١. ابراهيم خليل، ٢٠٠٩، في اليســانيات والنحوالنص، دار المصيرة للنشر والتوزيع، عمان.
٢. باتريک شــاردو، دومنيک منغــو، ٢٠٠٨، معجم تحليل الخطاب، ترجمة،عبدالقادر المهيری، حمادی صمد، طبعة الاولی، دارسيناترا.
٣. جرهارد هلبش، ١٩٧٠، تطور علم اللغة منذ عام، ترجمة، ســعيد حسن بحيري،٢٠٠٧، مكتب الزهراء الشرق، القاهرة.
٤. حســين خمرخمري،٢٠٠٧، نظرية النص من البنية المعنی الی سيمائية الدال، طبعة الاولی،دار العربية للناشروون، الجزائر.
٥. حەمەئەمین، شــێرکۆ قادر، ٢٠٠٩، شــیکاری گوتاری چیرۆکە هەواڵ، مەڵبەندی کورۆلۆجی، سلێمانی.
٦. ســعيد يقطين، ١٩٨٩، تحليل الخطاب الروائي، الزمن، الســرد، التبئيري، طبعة الولی، مرکز ثقافي العربي.
٧. علی، دیاری کمال، ٢٠٠٩، گوتاری سیاســی کوردی لەڕوانگەی پێشــگریمانەکانەوە، نامــەی دکتــورا، کۆلێــژی زمــان، زانکــۆی سەلاحەدین.
٨. قادر وریا، ٢٠٠٥، "قاســملوو لە ڕێبازیدا زیندووە"، چاپی یەکەم، ئاودێر، هەولێر(وتاری د.قاسملووی لێ وەرگیراوە)
٩. کاکل، قیــس توفیق، ١٩٩٥، جۆرەکانی ڕســتە و تیۆری کردەی قسەیی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
١٠. معــروف، محمد فتاح، ٢٠١٠، لیکۆڵینــەوە زمانەوانییەکان، کۆ کردنەوە و ئامادەکردنی، شــێروان حسێن، شــێروان میرزا، دەزگای موکریان، هەولێر.
١١. محمــود عكاشــة،٢٠٠٥، لغة الخطاب السياسي،دراســة لغوية تطبيقية في الضوءة نظری الاتصال، دار النشر للجامعات، مصر.
١٢. منية عبيــدی، ٢٠١٦، التحليل النقــدی للخطاب، نماذج من الخطاب الاعلامی، طبعة الاولی، دار الكنوز، عمان


## ئینگلیزی


1. David Crystal (2003) dictionary of linguistics & phoniest Blackwell
2. Stephen C Levinson )1997 pragmatics Cambridge


## نموونەی گوتار

١) "شەڕی ئێران و عێراق کە نیزیکەی هەشت ساڵ درێژەی کێشا، بــۆ هــەر دوو وڵات ئاکامی زۆر دڵتەزێنی بــە دواوە بووە. زیاتر لە یەک میلیۆن کوژراو و بریندار، ســەدان شار و دێی وێران، هەزاران قوتابخانــە و نەخۆشــخانە و بنیاتی ئابووریی لــە کەڵک کەوتوو، بە میلیۆن مرۆڤی ئــاوارە و بێ ماڵوحاڵ، کورتەیەک لە ئاکامەکانی ئەو شەڕەن.

٢) ئەگەر زیانەکانی ماددیی شەڕ بە ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ میلیارد دۆلار بەراورد دەکرێ،

٣) شوێنەوارە دەروونییەکەی لە بەراوردکردن نایە و ڕەنگە تا دەیان ساڵی دیکەش هەر بمێنێ.

٤) لەم هەشــت ســاڵ شــەڕە خوێناوییەدا، بۆ کوشــتاری خەڵکی بــێ دیفاع لە هەر جــۆرە چەکێــک، تەنانەت ئــەو چەکانەی کە بەکارهێنانیان بە پێی بڕیارنامە نێونەتەوەییەکان مەنع کراوە، کەڵک وەرگیراوە. هەر ئەمە لە نێو خەڵکی دوو وڵاتی دراوســێدا بۆتە هۆی دوژمنایەتییەکی وا کە لەنێوچوونی مەگەر لە داهاتوویەکی دووردا،

٥) ئەگینا ئیمکانی نیە.

٦) زەبرە دەروونییەکان، نەخۆشــییە ڕەوانییەکان و لێکهەڵوەشــانی بنەماڵەکان، ئاکامێکی دیکەی ئەم شەڕەن. شەڕێک کە هیچ قازانجی گەلانی ئەم دوو وڵاتەی لێ پەیدا نەبوو.

٧) پاش ئاکامەکانی زیانی ماددی و ئینسانیی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، ئێســتا هەر دوو وڵات خۆیان ڕاســت لەو جێگایەی کە شەڕیان لە سێپتامبری ١٩٨٠دا دەست پێ کردبوو دەبیننەوە.

٨) جــا لە بەرانبەر ئەم بیلانە دڵتەزێنەدا داخوا بە ڕاســتی دەکرێ باس لە لایەنی ســەرکەوتوو لەم شــەڕەدا بکرێ؟ هەر دوو وڵات بە هۆی لە دەســتچوونی بەرەبەرەی هێز و توانایان لە شەڕدا بە ناچار تەقەوەستانیان قبووڵ کرد.

٩) عێراق لە چەند ســاڵ لــە مەوبــەرەوە داواکاری ئاگربەس بوو، ئێرانیــش لە ڕووی ناچارییەوە ســەرەنجام قبووڵــی کرد. خومەینی کە شــەڕی بە "نیعمەتــی ئیلاهی" دەزانی، بــە پێچەوانەی مەیلی دڵی خۆی ملی بۆ بڕیارنامەی ٥٩٨ ی ئەنجومەنی ئاســایش ڕاکێشا. لە ڕاســتیدا خومەینی کە بۆخۆی قبووڵکردنی بڕیارنامەی بە مانای خواردنەوەی ژار دانا،

١٠) تەنیا لەبەر ئەوە تەقەوەستانی قبووڵ کرد.

١١) کە حاکمییەتــی ئاخوندەکان بە هۆی دژایەتی و بەربەرەکانیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری خەڵک لەگەڵ شــەڕ، لە مەترســی کەوتبوو. ئەم بەربەرەکانییە خۆی لە نارەزایەتیی گشــتی و، خۆ بواردنی لاوان لە چوون بۆ بەرەکانی شەڕدا نیشان دەدا و، قەیرانی ئابووری و ناتەباییە کۆمەلاتییەکان دەبوونە هۆی پەرە ئەستاندنی شکستە سوپاییەکانی.

١٢) چەند مانگی دوایی نیشــانی دا کــە وەری هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم زۆر هاتووەتە خوارێ.

١٣) لە حاڵێکدا هەر ئەم وەرەیە ســەردەمێک وەک هۆی سەرەکیی بەهێــز بوونی "لەشــکریانی ئیســلام" حیســابی لە ســەر دەکرا. تەریککەوتنەوەی کۆماری ئیســلامی لــە مەیدانی نێونەتەوەییدا کە ئاکامی پەنا بردنی ڕێژیم بۆ کاری تێرۆریســتی، پێشــێلکردنی مافی مرۆڤ و، لە ژێر پێ نانی هەموو ئوسوولێکی دیپلۆماسی بوو لە لایەک و، گیــر و گرفتەکانــی ڕێژیم لە دابین کردنــی چەک و تەقەمەنی و هێندێک پرســی نێوخۆیی لە لایەکی دیکە، ببوونە هۆی ناتەبایی تەنانــەت لە نێو ئۆرگانەکانی ســەرووی ڕێژیــم و، هەروەها ترس و سەرلێشێوان لە نێو ڕێبەرایەتیدا.

١٤) فشــاری گەورە دەســەلاتەکان لە کەنداوی فارس بە تایبەتی لە لایەن ئەمریــکاوە، حاکمییەتی لەرزۆکــی ئاخوندەکانی زیاتر لە پێشوو خستبووە مەترسییەوە. حکوومەتی خومەینی بۆی دەرکەوت

کە درێژەی شەڕ بە جیددی هەڕەشە لە مان و مەوجوودییەتی دەکا.
١٥) بۆیە بۆ پاراستنی بە ناچار تەقەوەستانی قبووڵ کرد.
١٦) دیارە سەقامگیر بوونی تەقەوەستان لە نێوان دوو وڵاتدا بە مانای کۆتاییهاتنی یەکجاری بە شەڕ نیە.
١٧) ڕەوتی وتووێژەکان وا نیشان دەدا کە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی بەردەوام ڕێگایەکی دوور و درێژ لە پێشدایە.
١٨) گەیشـــتن بە ئاشـــتییەکی بەردەوام پێویستی بە لەنێوچوونی ناکۆکییەکان لە نێو دوو وڵات، یانی دڵنیا بوون لە دەست تێوەرنەدان لە کاروبـــاری نێوخۆیی یەکتردایە، هەتا دەگاتە هاوکاریی نێوان دوو وڵات .
١٩) پســـپۆران و خاوەنڕایان لەوە دا یەکدەنگـــن کە بێ گۆڕانێکی بنەڕەتی لەو دوو وڵاتەدا، وتووێژی ئاشـــتی لەوانەیە چەندین مانگ و تەنانەت چەند ساڵ درێژەی هەبێ.
٢٠) لە هەلومەرجی ئێســـتادا چاولێکردنی وەک یەکی ڕووداوەکانی ســـاڵی ١٩٨٨ لە گەڵ ســـاڵی ١٩٧٥(ســـاڵێک کە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزیـــرە لە نێـــوان ئێران و عێراقـــدا ئیمزا کرا و بـــوو بە هۆی تێکشکانی بزووتنەوەی گەلی کورد بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی) شتێکی دروست نیە.
٢١) ئەو کات کە عێراق بەشـــێک لە "شـــط العـــرب"ی لە بەرانبەر هـــاوکاری نەکردنـــی ڕاپەڕینی کوردەکانـــی عێراق، دا بـــە ئێران. ڕێبەرایەتیـــی ڕاپەڕینـــی کورد بە هـــۆی تایبەتمەندیـــی بەهێزی عەشـــیرەیی، نەیتوانی بەرانبەر بە هەلومەرجی نوێ خۆی ڕابگرێ و، سووک و سانا خۆی بە دەستەوە دا.
٢٢) هەلومەرجی ئێستا جیاوازە،
٢٣) ئەم هۆیانەی شەڕێکی ئاوا درێژ و خوێناوییان هەڵگیرساند هەر لە جێگای خۆیان ماون.
٢٤) ئێمە تەنیا ئیشـــارە بە گرینگترینیـــان دەکەین کە بریتین لە: دیاریکردنی ســـنوورەکان بە تایبەت لە "شـــط العرب"دا، پرســـی، کـــورد بـــە لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکانییەوە، ویســـت و مەیلی مەزنیخوازانە و، ســـەرەنجام کێشـــەی نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەب و ناســـیۆنالیزمی فارس کە ڕیشـــەیەکی لەمێژینە و مێژوویی هەیە. نێوەرۆک و فەلســـەفەی بە تەواوی لێک جیاوازی ئەو دوو ڕێژیمەش دەبـــێ لەبەرچـــاو بگرین. ڕێژیمی ئێـــران کە ڕێژیمێکی شـــیعەی بونیادگەرایـــە، دەســـتتێوەردان لە کارو باری وڵاتە موســـوڵمانەکان بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە ڕادەیەکی زۆر لە دانیشـــتوانیان شـــیعە مەزهەبن، بە ئەرکێکی پیرۆزی خۆی دەزانێ.
٢٥) ئێســـتا ئەگـــەر مێـــژوو دووپات بێتـــەوە و، ئـــەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە ســـەردا دابەش کراوە، بۆ جارێکی دیکەش بۆ تێک شکاندنی بزووتنەوەی نیشـــتمانیی گەلی کورد، پێکەوە ڕێک کەون (هەرچەند کە ئیمکانی شـــتێکی ئەوتـــۆ کەمە ) کوردەکان دەبێ چ بکەن ؟
٢٦) لـــە هەلومەرجێکـــی ئەوتۆدا بۆ کـــوردەکان تەنیـــا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە:
٢٧) ئەویـــش بریتییە لەوە کە: یەک بگـــرن و بە هەموو هێزیانەوە دیفـــاع لە خۆیان بکەن. بە ئاشـــکرا دەبێ بڵێین کە ئەمجار باســـی ئاشـــبەتاڵ و خۆبەدەســـتەوەدان لـــە گۆڕێدا نییـــە. بەربەرەکانی و خۆڕاگریـــی گەلی کورد لە شـــار و لادێدا هـــەر درێژەی دەبێ و، لە تەواوی جۆرەکانی خەباتیش کەڵک وەردەگیرێ.
٢٨) ئەمڕۆ بزووتنەوەیەکی بە تەواوی سازماندراو بە ڕێبەرایەتییەکی شۆڕشگێڕەوە لە کوردستاندا لە گۆڕێدایە.
٢٩) لە هەلومەرجی تەقەوەســـتانی شـــەڕ لە نێوان ئێران و عێراقدا کوردەکان دوو ئەرکی گرینگیان لە سەر شانە :
٣٠) لـــە پێشـــدا کـــوردەکان دەبێ وێـــڕای درێژەدان بـــە خەباتی چەکدارانە، خۆیان وەک فاکتەرێکی سەربەخۆ لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نیشان بدەن.
٣١) پێویستە خەڵکی جیهان لە ڕاستییەک کە تا ئێستا لە بەرچاویان شاردراوەتە، باش ئاگادار بن. ئەویش ئەمەیە کە لەم ناوچەیەدا تەنیا یەک شـــەڕ لە گۆڕێ دا نیە، یانی شەڕ هەر لە نێوان عێراق و ئێراندا نیە، بەڵکو ســـێ شەڕ هەیە . تەقە وەستاندنی نێوان ئێران و عێراق، لە خۆیدا ئاشـــتیی نێوان کوردەکانی ئێـــران و حکوومەتی ئێران لە لایەک و، کوردەکانی عێراق و حکوومەتی عێراق لە لایەکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە.
٣٢) لە ئاکامدا خەباتی کوردەکان هەر درێژەی دەبێ و هەتا کاتێک پرسی کورد چارەســـەر نەکرێ، ناوچەکە ئاشـــتییەکی بەردەوام بە خۆیەوە نابینێ.
٣٣) پێویســـتە بگوترێ ئەم شـــێوە بیرکردنەوەیە، کە بە سەقامگیر بوونی ئاشـــتیی نێوان ئێران و عێراق چاوەدێرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتـــووەکان جێگیـــر لە ســـنوورەکانی وڵات ئیدی شـــاهیدی هەڵگیرسانەوەی شەڕ نابن،
٣٤) خەیاڵێک زیاتر نیە.
٣٥) لە ڕاســـتیدا زیاتر لە ٥٠٠ کیلۆمیتر لەو سنوورەی کە ئێران و عێراق لێک جیا دەکاتەوە لە نێو کوردستاندایە. ناوچەیەک کە ئەمڕۆ بەشێکی لە ژێر چاوەدێریی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورددایە.
٣٦) دووهـــەم ئەرکـــی گرینـــگ ئەوەیـــە کـــە کـــوردەکان بـــۆ بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد هەوڵ بدەن.
٣٧) بـــە ڕاســـتی زۆر جێـــی داخە کە پرســـی کـــورد تەنیا دوای هاتنەگۆڕی پرسی بە کار هاتنی چەکی شیمیایی بە دژی کوردەکان کەوتە بەر سەرنجی بیروڕای نێودەوڵەتی.
٣٨) بەر لە هەموو شـــتێک دەبێ لە بەســـتنەوەی پرســـی کورد بە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی دەست هەڵگرین. پێویستە پرسی کورد لە هەموو لایەنەکانییەوە بخرێتە بەر چاو. پرسی ٢٠ هەتا ٢٥ میلیۆن ژن و پیاو بێتە گۆڕێ کە نەتەوەیەک پێک دێنن و مافی بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان هەیە.
٣٩) ئاشـــکرایە کە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە خاوەنی ڕێژیمی سیاســـیی لێک جیـــاوازن. تورکیە بەردی ئۆرووپا و دێموکراســـی لە ســـینگ دەدا و، ســـەرەڕای بێدەنگی و خۆبواردنی ڕێبەرانی ئێستای،
٤٠) وێ دەچێ کە سەرەنجام ڕۆژێک ناچار بە ناسینی کەسایەتی و

مافی نەتەوەیی کوردەکان بێ.
٤١) لە دۆخێکــی ئاوادا کوردەکان دەتوانن لە ئیمکاناتی قانوونی بە مەبەستی سەلماندنی داخوازەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن.
٤٢) کەچــی لە کۆماری ئیســلامیی ئێراندا کە ســەرەڕۆییەکی لە چەشنی سەدەکانی نێوەڕاست زاڵە،
٤٣) کوردەکان بۆ پاراســتنی کەســایەتی و مافەکانی خۆیان، ناچار بوون چەک بە دەستەوە بگرن.
٤٤) مافی دیاریکردنی چارەنووس دەتوانێ بە چەشــنی جۆر بە جۆر بێتە گۆڕێ و شــکڵ و شــێوەی جۆر بە جۆر بە خۆیەوە بگرێ کە بریتین لە : ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی و سەربەخۆیی .
٤٥) لە ئێراندا ئێمە شــکڵی ئۆتۆنۆمیمان هەڵبژاردوە و، دروشــمی حیزبی ئێمە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"، لــە چوار چێــوەی وڵاتــی ئێراندایە. بە ســەرنجدان بــە ئەزموونە مێژووییەکان و هەروەها هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکیی ناوچەکە، ئێمە لە ســەر ئەم بڕوایەین کە دروشمی ئێمە دروشمێکی واقیعبینانەیە. داوای ئۆتۆنۆمی، داوایەکی ڕەوا و سادەیە.
٤٦) ئێمــە خوازیاری پاراســتنی کولتووری خۆمانیــن و دەمانەوێ زمانی کوردی لە کوردســتانی ئێراندا بە زمانی ڕەســمی بناســرێ. لە کوردســتان دەبێ پــەروەردە و فێرکردن بــە زمانی کوردی بێ، دەسەڵاتی سیاسی دەبێ لە پاوانی یەک ناوەند بێتە دەر و، کاروباری نێوخۆی کوردســتان بدرێتە دەســت نوێنەرانــی گەلی کورد کە بە شــێوەی دێموکراتیــک هەڵدەبژێردرێــن. مەبەســتی بنەڕەتی لەم داخوازانــە ئەوەیە کــە کوردەکان چیدیکە لە وڵاتــی خۆیاندا وەک بێگانــە چاویان لێ نەکرێ و، بــە هاووڵاتیی دەرەجە دوو و تەنانەت دەرەجە سێ نەژمێردرێن .
٤٧) ئەمــڕۆ کورد بــوون لە ئێرانــدا جۆرێک تاوانە!. دەیان ســاڵە کوردەکانی ئێــران بۆ ئۆتۆنۆمی و بەدەســتهێنانی ســەرەتاییترین مافەکانی خۆیان خەبات دەکەن. هەر ئێســتا دە ساڵی بەردەوامە کە شەڕێکی نەخوازراو بە سەر ئێمەدا سەپاوە. سەرەڕای قەڵاچۆی پەنجا هەزار کەس لە خەڵکی سڤیل و شەهید بوونی ٤٥٠٠ پێشمەرگە لە مەیدانی خەباتدا، بەربەرەکانیی ئێمە هەروا درێژەی هەیە.
٤٨) بە پێی ئەو هەواڵە تازانەی بە دەستمان گەیشتوون ئاخوندەکان لــە حاڵی ئامادە کردنی هێرشــێکی گەورە بۆ ســەر کوردســتانی ناوەندیدان.
٤٩) ئەو هێرشــە ناتوانێ بۆ پێشــمەرگەکان کە شــەڕی پارتیزانی دەکەن، گیروگرفتێکی ئەوتۆ بێنێتە پێش.
٥٠) بەڵام ئێمە یەکجار زۆر نیگەرانی چارەنووسی خەڵکی سڤیلین.
٥١) هەر بۆیە ئێمە پێ لەسەر ئەم پرسە دادەگرین
٥٢) کە ئۆتۆنۆمی بەشێک لە مافی مرۆڤە، نابێ تەنیا وەک پرسێکی نێوخۆیی وڵاتــان چاوی لێ بکرێ. کۆمەڵی نێونەتەوەیی دەتوانێ و دەبــێ لە ئامانجەکانی گەلی کورد بە گشــتی و، هەر وەها لە مافی ئۆتۆنۆمی بەرگری بکا. هەر بەو مەبەســتە زۆر پێویســتە داوا بکرێ پرســی کوردیش لە دەستووری وتووێژەکانی نێوان ئێران و عێراق لە ژێر چاوەدێریی ســکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا بگونجێ .
٥٣) هاودەنگیی نێودەوڵەتی تا ئێستا لە سەر کاروباری بەشێکی زۆر لە وڵاتان شوێنەوارێکی باشی داناوە.
٥٤) ئــەو هاودەنگییە دەتوانــێ بە لایەنگری لــە داخوازیی ڕەوای کوردەکان کە ئێستا لە دۆخێکی دژواردان جارێکی دیکە کاریگەریی خۆی بنوێنێ .
٥٥) هەڵبژاردنی دروشمی "دێموکراســی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردســتان" نیشــاندەری ئۆگریی بە تەواومانــای حیزبی ئێمە بە دێموکراســییە. ئەم ڕاســتییە لە بنەماکان و یاســای بە تەواوی دێموکراتیی نێوخۆی حیزبی دیموکرات و هەروەها لە ڕێزی حیزبی ئێمە بۆ پلۆرالیزم لە نێوخۆی وڵاتدا سەرچاوە دەگرێ.
٥٦) ئەوەشم لێ قبووڵ بکەن
٥٧) کە بەڕێوەبردنی دێموکراســی و پاراســتنی، لــە مەڵبەندێکی دواکەوتووی بێ پێشــینەی دێموکراتیک و لە حاڵی شەڕدا، کارێکی زۆر دژوارە.
٥٨) ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران تا ئێستا بۆ پاراســتن و بەڕێوە بردنی بنەما دیموکراتییــەکان لە نێو حیزب و هەر وەها لە ناوچەکانی کوردســتاندا، هەوڵ و تێکۆشانێکی بەرینی لە خۆی نیشان داوە و،
٥٩) لە مەودواش هەموو توانای خۆی لەم بوارەدا بەکار دێنێ .
٦٠) ئێمــە بڕوایەکی پتەومان بە نەخشــی ســەرەکی و بنەڕەتیی دێموکراسی هەیە.
٦١) بێ دێموکراسییەکی جێگیر و بنەگرتوو لە ئێراندا، خودموختاریی کوردســتان هەمــوو کات لە بەرانبەر مەترســی و هەڕەشــەی لە نێوچووندا دەبێ. تەنیا دەســتەبەری ئۆتۆنۆمیی کوردســتان، بوونی دێموکراسییەکی سەقامگیر لە ئێراندایە.
٦٢) حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران وەک ڕێکخراوێکی دێموکرات بە پێی ئوســوول و ڕێبازی خۆی، هەمووکات تێرۆریزمی - لە فڕۆکــە ڕفاندنەوە بگرە تا دەگاتە بۆمب دانانەوە و بارمتە گرتن - ڕەت کردووەتەوە .
٦٣) بە گشتی حیزبی ئێمە هەر کردەوەیەک کە ژیان و هێمنایەتیی تاکە ســڤیلەکان بخاتە مەترســییەوە، ڕەت دەکاتەوە. ئێمە بە هیچ جۆرێک ئامادە نین ســەبارەت بە هێندێک دەسکەوتی تەبلیغاتی و کورتخایەن، لە ئوســوولەکانمان بترازێین و سیمای حیزبەکەمان کە وەک حیزبێکی سیاسیی بەرپرس، دێموکرات و مرۆڤدۆست ناسراوە، خەوشدار بکەین .
دۆستانی بە ڕێز !
٦٤) ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بە پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسیی کۆمەڵی نێودەوڵەتی هەیە.
٦٥) پەندێکی کوردی دەڵێ: "دوژمنێک زۆرە و هەزار دۆست کەم". بەداخەوە کوردەکان دوژمنیان زۆرە، هەر بۆیە ئێمە بە دوای دۆستدا دەگەڕێین.
٦٦) هیــوادارم ئەمڕۆ لــەم تالارەدا هێندێک دۆســتمان بۆ خۆمان دیتبێتەوە .